www.kurdistannet.org
16/05/2002 23:40

# ئاڵوگۆڕی کۆنەپەرستانە لە یاسایەکی کۆنەپەرستانەدا

## پارتی دیموکراتی کوردستان و ئالوگۆر لە قانونی ئەحزاب

ڕێبوار ئەحمەد

ڕۆژنامەی (الزمان)ی ڕۆژی ١١-٢٠٠٢/٥/١٢ بلاوی کردەوە کە پەرلەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری لەسەر ئاڵوگۆڕێك داوە لە قانونی ئەحزابی ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ دا، واتە ئەو قانونەی کە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن پەرلەمانی هاوبەشی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەسەندکرابوو. ئەم ئاڵوگۆڕە پێشتر لە "ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی پارتی" ئامادەکراوە و دواتر دراوەتە پەرلەمانەکەی و بڕیاری لەسەر دراوە. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانە لێرە بەدوا بۆدانی مۆلەت بە هەر حزبێك کۆمەڵێك قەیدوبەندی تازە دریاریکراوە، لەوانە ئەبێ ژمارەی دامەزرێنەرانی هەر حزبێك لە ٥٠ کەس کەمترو ژمارەی ئەندامانیشی لە ٥٠٠ کەس کەمتر نەبێت، هەروەها دەبێ دامەزرێنەران خاوەنی توانایی و لێهاتویی و جێگاو ڕێگایەکی کۆمەلایەتی وابن کە بۆ کاری حزبی و سیاسی گونجاوبێت و ئەندامانیش خاوەنی ڕۆشنبیری سیاسی و هوشیاری پێویستبن بۆ هەڵسورانی سیاسی. هەر حزبیکیش بیەوێ هەر کۆمەك و هاوکاری و پشتیوانیەکی خارجی بە دەست بهێنێ دەبێ پێشتر ڕەزامەندی "حکومەتی هەریم" وەرگرێت. بە پێی ئەم ئاڵوگۆڕە وەزارەتی ناوخۆ بۆی هەیە ڕاستەوخۆ هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن بە شێوەی کاتی دابخات ئەگەر پێی وابێت لە "ئاسایشی نەتەوەیی و بنەماکانی مەبدەئی نیشتمانی و ئامانج و ستراتیژی گەلی کوردستان لایداوە"، تا دواتر دادگا دوابڕیاری لەسەر دەدات.

ئەم ئاڵوگۆڕانە کە بەناوی پتەوکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسییەوە هێنراونەتە گۆرێ بریتیە لە هێرشێکی ئاشکراو توند بۆ سەر هەر جۆرە تروسکاییەکی ئازادی سیاسی و تەنانەت ئەو دیموکراسیەی کە خۆیان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، هەڵکردنی ئاڵای ئیستبدادێکی سیاسی ڕەش و ئاشکرایە.

خودی قانونی ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ لە ناوەڕۆکدا قانونێکی کۆنەپەرستانەو دژی ئازادی بوو، قانونێك بوو کە دەیویست کوردستان پاوان بکات بۆ ناسیونالیزم و ئیسلام و جۆرەها قەیدوبەندی دژی ئازادی دیاری کردبوو بۆ هەر حزب و لایەنێکی دیکە. کاتێك ئەم قانونە وەکو پرۆژەیەکی پێشنیاری بۆ دایەلۆگ لە ئاستی ڕای گشتی کۆمەڵگادا ڕاگەیەنرا، کەوتە بەر ناڕەزایەتی و ڕەخنەی فراوانی خەڵك و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و نوسەران و هەلسوراوانی سیاسی پێشکەوتنخواز. بە دروست زۆرکەس بە (قانونێکی بەعسیانە) پیناسەیان کرد. تەنانەت لە ئاکامی ئەم ڕەخنەگرتنەدا کەسانێك کەوتنەبەر هەڕەشەو گوڕەشەی یەکیتی و پارتی. بەڵام

سەرئەنجام ئەم دوو حزبە بێ گوێدانە ڕای خەڵك ئەو قانونەیان پەسەندکرد. لە ٩ ساڵی ڕابردوودا هەرچەندە دەسەڵاتی هەردوو حزب پابەندی هیچ قانونێك نەبوون‌و چ لەبەرامبەر یەکتری‌و چ لە بەرامبەر خەڵك‌و هێزە سیاسیەکانی دیکەدا بەپێی بەرژەوەندی‌و ویستی خۆیان‌و بە زەبری ملیشیای چەکدار ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتیان کردوە، بەڵام هەرکات پێویستیان بەوە بوبێت کە ڕوالەتێکی قانونی بدەن بە کردەوە دژی ئازادیەکانیان، قانونی ئەحزاب‌و کۆمەڵەکان‌و قانونی چاپەمەنییان، بەدەستەوە گرتوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵك‌و نەیارانی سیاسی خۆیان. بەڵگەکانی ئەم مەسەلەیە زۆرن لەوانە تا ئێستا دوای تێپەڕینی ٩ ساڵ بەسەر داواکاری مۆڵەت لەلایەن (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق)ەوە، نەمۆڵەتی یاسای‌و نە هیچ وەلامێکیان بەم داوایە نەداوەتەوە، کەچی هەر ڕۆژە بە بەهانەی نەبونی مۆڵەت ڕێگری بۆ هەڵسورانی دروست دەکەن، سەرکوتی دەکەن، هەڵسوڕانی قەدەغە دەکەن‌و کادران‌و هەڵسوراوانی تیرۆرو کوشتار دەکەن. داخستنی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نمونەیەکی ئاشکرای دیکەیە. تەنانەت لە بواری چاپەمەنیشدا تا ئێستا هەرکامیان چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەیان داخستوەو ڕێگای چاپ‌و بلاّبونەوەیان پێ‌نادەن. بۆ زۆرێك لەمانە تەنانەت ئەوەیان بە پێویست نەزانیوە کە بەهانەو دادگای نمایشیش نیشان بدەن. بۆیە ٩ ساڵی ڕابردوو سەرباری ناسەقامگیری‌و لەرزۆکی دەسەڵاتی ئەم حزبانە بە کردەوە نیشاندرا کە قانونی ئەحزابی ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ قانونێکی کۆنەپەرستانەو دژی ئازادیەو ماهیەت‌و سەرچاوەی خۆی دەباتەوە سەر ئەو تەقلیدە بەعسیانەیەی کە دەیان ساڵە هەموو نوزەیەکی ئازادی لە خوێندا نوقم کردوە. خەڵکی کوردستان شایەتی ئەوەن لەو ٩ ساڵەدا هیچ حزبێکی سیاسی کە بە تەواوی لە دەرەوەی فەلەکی ئەوان بوبێت‌و مخالەفەتێکی جدی‌و ریشەیی لەگەلیان بووبێ‌و سەروەری دەسەلات‌و دەوری باوکایەتی ئەوانی بردبێتە ژێر پرسیارەوە، نەیتوانیوە بەپێی قانونەکەی ئەوان مۆڵەتی یاسایی بۆ کارکردن وەرگرێت. سەرئەنجام ئەو حزبە قانونیانەی ئەمڕۆ لە ساحەی سیاسی کوردستاندا بەدی دەکرێن تەنها بریتین لەوانەی بەکردەوە ئەو جێگاوڕێگایەیان قبول کردوە کە پێڕەوی لە فەرمانی ئەوان بکەن‌و لەو سنورە لانەدەن کە بۆیان دیاریکراوەو هەمیشەش ئامادەبن کاغەزی سپیان بۆ ئیمزا بکەن‌و تەنانەت ئەو مەرجەش قبول بکەن کە دەبێ لەسەر سنورەکان بۆ پێشوازی لەگەڕانەوەی سەرۆکی ئەحزابی حاکم ڕاوەستن.

ئەم ئالوگۆڕە تازانەش کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستپێشخەری تیاکردوە، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ تۆخ کردنەوەی ئەو ماهیەتەی قانونەکەو داخستنی ئەو کون‌و کەلەبەرانەش کە لە هەل‌ومەرجی سەرەتای هاتنەسەرکاریاندا نەیاندەتوانی لە خەلك‌و هێزە سیاسیەکانی دیکەی دابخەن. ئەو گالتەجاریەی کە قورس کردنەوەو توند کردنەوەی مەرجە قانونیەکان‌و

© Kurdistan Net

ئاوەڵاکردنی دەستی دەزگاکانی خۆیان بۆ داخستنی دەمی هێزە سیاسیەکان، ناو دەنێن "پتەوکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی و گونجاندنی یاساکە لەگەڵ هەلومەرجی ئەمرۆدا" ماناکەی دەکاتە ئەوەی کە ئێستا ئیتر دوای ۹ سال لە دەسەڵاتداریێتی و داهات کەلەکە کردن و پتەوکردنەوەی ملیشیاو دەزگاکانی دەمکوتکردن، کاتی ئەوە هاتوە ئەو کەلێنانە بەرووی خەڵک و نەیارانی خۆمان دابخەین کە کاتی خۆی بۆمان نەکراوە دایبخەین. ئەم تەقلیدەی کە پارتی دەیەوێ وەکو ئیبداعێکی تازەی دیموکراسی نیشانی بدات، تەقلیدێکی کۆنەو هەموو دەسەڵاتێکی دژی ئازادی پێرەوی لێ کردوە. ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا ئەگەر تروسکاییەك لە ئازادی و دیموکراسی هەبوبێت، نەك بەڵگەی ئازادیخوازی و دیموکراسی بوونی ئەوان، بەڵکو لەلایەك ئەنجامی هاتنەمەیدانی خەڵك و مقاوەمەتی بەرەی ئازادیخوازی و لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی بێتواناییی ئەوان بووە لە سەرکوتکردنیدا. قەیدوبەندەکانی ئەم قانونە چ لە دەقە کۆنەکەیداو چ بە شێوەیەکی زەقتر لەم ئالوگۆرە تازەیەدا نموونەیەکە لە عەقلیەتی توتالیتاری ئەحزابی عەشیرەتیی چەکدار.

مەسەلەی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی کام بنەمای دیموکراسی ئەم مافە بە خۆی دەدات بە ئارەزوو ویستی خۆی قانون بهێنێ و قانون لابەرێ؟ کوا دەوڵەتی بەڕەسمی ناسراوی، کوا پەرلەمانی مەشروعی، کوا بوارو میکانیزمی دەخاڵەتی خەڵك و هێزەکانی دیکە لەوانەو لە چارەنوسی کۆمەڵ، تا پارتی بتوانێ ناوی "پتەو کردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی" لە سیاسەتەکانی بنێ. پەرلەمانێك کە ۹ ساڵ پیش ئیستا پێکهاتووە بە ئیعترافی هەردوو حزبی حاکم تەنانەت ئەوکاتەش لە پێکهێنانیدا پێرەوی لە ئەنجامی دەنگدانی خەلك نەکراوە، هەروەها دوای ئەوەی کە لایەنێکی پێکهاتەکەی (واتە یەکێتی نیشتمانی) کە نیوەی ئەندامانی پێکدەهینا، لێی چووەتە دەرەوەو ئیتر بە ڕەسمی ناناسێ، سەرباری هەموو ئەمانە ئەگەر بەپێی مەبدەئیکی دیموکراسیش بێت کە خۆیان دیارییان کردوە، ۷ ساله ئەو پەرلەمانە تەمەن و صلاحیەتی تەواو بووە، ئیتر ئێستا بە کام پێوانەی دیموکراسی مەشروعیەت و صلاحیەتی ئەوەی هەیە قانون دانێ و قانون لابەرێ؟

تا ئەو جیگایەش بە ناوەرۆکی ئالوگۆڕەکان دەگەرێتەوە، ئەگەر ئازادی سیاسی بە مانا واقعیەکەی واتە ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی لەولاوە دانێین، بەپێی کام بنەمای دیموکراسی هەر حزبێك کە ژمارەی دامەزرینەرانی لە ٥٠ کەس و ژمارەی ئەندامانی لە ٥٠٠ کەس کەمتربێت مافی هەڵسورانی نیە؟ بۆچی و بە پێی کام پێوانەی دیموکراسی هەر کۆمەڵە کەسێکی ئەم کۆمەڵگایە نابێ مافی ئەوەیان هەبێت کەحزبی سیاسی خۆیان دروست بکەن؟ ئایا کاتی خۆی لە دامەزراندنی یەکێتی و پارتیدا ئەم مەرجە ڕەچاوکراوەو دابین بووە کە ئەمرۆ بە زۆرەملا بەسەر کۆمەڵگادا فەرزی دەکەن؟ ئایا ناکرێ ئەمرۆ یەك نەفەر بە تەنها حیزبێك

دامەزرێنێ و سبەینێ بە شێوازی "دیموکراسی" سەدان هەزار کەس لەگەڵ خۆی بخات؟ بە چ پێوانەیەکی دیموکراسی ئەم مافانە لە خەڵك وەردەگرنەوە؟ ئەمە چ مەرجێکە بە تایبەت لەم هەل‌ومەرجەی ئێستای کوردستاندا، کە یەکێتی و پارتی نان و ئاوو هەموو پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکی کوردستانیان بە بارمتە گرتوەو بە زەبری ئەمە پەنجەمۆری خەڵکیان بۆ خۆیان بەدەست هێناوە، بە کردەوە خەلك لە ئازادی سیاسی و مافی دروست کردنی حزب و ئامرازی هەڵسورانی سیاسی بێبەش دەکات و رێگا دەگرێ لەوەی خەلکی دیکە بتوانن لە دەرەوەی یەکێتی و پارتیدا حزبی خۆیان دروست بکەن. گومان لەوە نیە مادام پێوانەیەك لە ئارادا نەبێت ئەگەر ببینن بەم مەرجەشەوە خەلك دەتوانن حزب دروست بکەن ئەوە لە ئالوگۆری ئایندەدا مەرجەکە دەکەن بەوەی کە ژمارەی دامەزرێنەران ١٠٠ و ژمارەی ئەندامان ١٠٠٠ بێت.

بەڵام لەمەش پوچتر ئەو مەرجەیە کە دەڵی دەبێ "دامەزرێنەران لە توانایی و لێهاتویی و جێگاو رێگایەکی کۆمەلایەتی وا بەهەرەمەندبن کە لەگەل کاری حزبی و سیاسیدا بێتەوە" ئەمە ئیتر جێگای نەفرەتە. من کە بمەوێ حزبێکی سیاسی جیاوازو مخالف بۆ پارتی دروست بکەم، مەرجی مۆڵەتەکەم ئەوەبێت کە پارتی بریار لەسەر توانایی و لێهاتویی سیاسیم بدات و جێگاو رێگای کۆمەلایەتیم پەسەند بکات. لەمەش سەیروسەمەرتر دەبێ کۆمەلێك عەشایەری ناسیونالیست و ئیسلامی و دیوەخانداری چەند ژنە بریار لەسەر ئەوە بدەن کە ٥٠٠ ئەندامی حزبەکەم خاوەن رۆشنبیری و هۆشیاری پێویست هەن بۆ هەلسورانی سیاسی یان نا. من دەپرسم ئەگەر سەردەمی هاوچەرخ سەردەمی مودێرن و مەدەنیەت بێت و گۆمەلگاو خەلکی کوردستانیش لەم ئاستەدا دابنرێن، ئایا بەم پێوانەیە پارتی و یەکێتی خۆیان ئەم مەرجەیان تیا هەیە؟ ئەگەر دەلێن بەلی، من دەپرسم چۆن و بەکام پێوانەو کێ ئەم حوکمەی سەلماندوە؟ بەراستی ئەم مەرجە نەك هەر بە هیچ شێوەیەك لە قاڵبی باسی دیموکراسیدا جێگای نابێتەوە بەڵکو سوکایەتیەکی ناشرین و ئاشکرایە بەخەلك. کەسانێك کە خۆیان هۆشیاری ئەوەیان هەیەو بیریان کردوەتەوە کاری سیاسی بکەن و حزبی خۆیان دروست بکەن، بەپێی کام پرەنسیپ قانون پێیان دەڵێ نەخێر ئێوە ناهوشیارو نارۆشنبیرو هیچ نەزانن بۆیە مۆلەتتان پێنادرێ. یان ئێوە لەبەر ئەوەی سەرەك خێڵ و دیوەخاندارو خاوەن عەشیرەت نین، جێگاو رێگای کۆمەلاتیتان لەگەل کاری حزبی و سیاسی نایەتەوە. ئەمە فەرهەنگ و تەقلیدی دارزیوی فیودالیزمە کە تازە بە تازە رووبەرووی خەلکی موتەمەدنی کوردستان دەکرێتەوە.

ئەو تەعدیلاتە هیچ بواریك بۆ دروست بوونی حزبێك ناهێڵێتەوە کە لە رووی سیاسیەوە سەربەخۆبێت لە پارتی و دەسەلاتەکەی. ئەوە چ مەرجێکی سەیرو سەمەرەیە کە هەر حزبێك بۆ بەدەست هێنانی هەر کۆمەك و هاوکاری و پشتیوانیەکی دەرەکی دەبێ لە پێشدا رەزامەندی حکومەتی پارتی وەرگرێ. پرسیار ئەوەیە کە خەلکی ئازادیخواز لە دژی بێمافیەکی هەمەلایەنە

که له سایەی دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتیدا گیرۆدەین، ژنان‌و لاوانی ناڕازی‌و بەدەنگهاتوو له دژی یاسا‌و داب‌و نەریت‌و فەرهەنگی دواکەوتوانەو ناموسپەرستانەو ژنکوژانەی ئەوان، کرێکاران که لەسایەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا تا ئێستا به هەمان بڕیاری ڕژێمی بەعس ئینکاری له کرێکاربوون‌و سەرجەم مافه کرێکاریەکانیان دەکرێت‌و برسێتی‌و بێکاری‌و هەژاری‌و بێ‌مافی ژیانی وورد کردوون، وه سەرئەنجام حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌و پارتی کاری سەربەخۆو ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و هەر حزب‌و ڕێکخراوێکی دیکه که له لایەن ئەم حزبانەوە سەرکوت دەکرێن‌و ڕێگری بۆ هەلسورانیان پێکدێت، ئەگەر بیانەوێ هاوکاری‌و پشتیوانیەکی دەرەکی به دەست بهێنن دژی ئەو پێشیلکاریانەی دەسەلاتەکەی پارتی، چۆن دەکرێ به شێوەی یاسایی ڕەزامەندی حکومەتی پارتی بۆ وەرگرن؟ وا دیاره ئەم چەند ساڵه پارتی له لایەن رای گشتی دەرەوەو هێزەکانی لایەنگر له ئازادی‌و مافەکانی ئینسان گەلێك زەختی کەوتوەته سەر بۆیه ئێستا له نەخشەی "پتەوکردنەوەی پرۆسه دیموکراسیەکەیی‌و گونجاندنی لەگەل هەل‌ومەرجی ئەمرۆدا" دەیەوێ بەر به هەر هەولێك بۆ توندکردنەوەی ئەم زەختەو پەردە هەڵماڵین لەسەر سیاسەت‌و کارکردەکانی له دەرەوە بگرێت‌و هەر پەیوەندی‌و هاوکاریەکی دەرەکی نەخرابێته پاکەتی زەردەوەو به شانوباڵ هەڵدانی پارتی‌و دەسەلاتەکەی لەگەڵ نەبێت، بواری پێ‌نەدات. پارتی به مەرجەکانی پێشووی دەیەوێ کوردستان بۆ خۆی‌و بزووتنەوەکەی پاوان بکات‌و بەم مەرجەش دەیەوێ تەنانەت مەیدانی دەرەوەی وولات‌و ئاستی جیهانیش له نەیارانی سیاسی خۆی دابخات.

بەشی تەواوکەری ئەم قەیدوبەندە ئیستبدادیانە ئەوەیه که لەم ئالوگۆڕانەدا ئیتر تەنانەت بەبێ بەرێخستنی دادگای کارتۆنی‌و نمایشیش، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی داوە به وەزارەتی ناوخۆی تا به بەهانەی لادان له "مەفهومی ئەمنی قەومی‌و بنەماو مەبدەئی نیشتمانی‌و ئامانج‌و ستراتیژی خەلکی کوردستان" هەر رۆژنامەو تەلەفزیون‌و رادیۆو کەنالێکی راگەیاندن به ویست‌و فەرمانی ئەوان نەجولاَیەوە دایخەن. هەلبەت یەکێتی‌و پارتی پێشتر بەبێ بوونی قانونێکی واش هەمیشه ئەم کارەیان کردوەو نموونەکانی زۆرن، بەلاَم ئەمرۆ به ئاشکراو قانوونی ئەمه رادەگەیەنرێ ئەمەش هەنگاوێکی تازەیه له ڕێگای بەرپاکردنی ئیستبدادی ڕەش‌و خوێناویدا. "ئەمنی قەومی‌و بنەماو مەبدەئی نیشتمانی‌و ئامانج‌و ستراتیژی خەلکی کوردستان" کۆمەلێك دەستەواژەی پوچ‌و فریوکارانەن، بەدەر له ناوەرۆك‌و ماهیەتیان هیچ پێوانەیەکیش بۆ دەخالەتی خەلك‌و هێزەکانی دیکه له ئارادا نیه بۆ دیاری کردن‌و حوکمدان لەسەر ئەوەی مانایان چیەو سیاسەت‌و کردەوەی کام حزب لەگەلیان تەباو هی کام حزب لەگەلیان ناتەبایه. ئەو حوکمانه لەلایەن "سەرۆك"ەوە دەبڕێتەوەو دواتر لەلایەن "حکومەت‌و پەرلەمان"ێکی ناشەرعیەوە به ناوی نوێنەرانی خەلکەوە مۆری لێ دەدرێ. لەم مەحەکەدا هەمیشه سیاسەتی ئەحزابی حاکم له

© Kurdistan Net

ڕاکێشانی دەستی سوپاو دەزگای جاسوسیو تیرۆریستی دەولەتانی بەعسو تورکیاو ئیران، لە شەڕو کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیانو ئاوارەو دەربەدەر کردنی دەیان هەزار کەسو خاپور وێران کردنی هەزاران مال، لە بە تالان بردنی داهاتی ولاتو خەرج کردنی بۆ پێکەوە نانی ملیشیاو دامودەزگای حزبیو ڕازاندنەوەی کۆشكو تەلاری بەرپرسانی حزبیان، لە بەندوبەستی کۆنەپەرستانەی جۆراوجۆریان لەگەل تیرۆریزمی ئیسلامیو هاوکاری کردنیان ...هەمووی بە تەبا لەگەل "ئەمنی قەومیو بنەماو مەبدەئی نیشتمانیو ئامانجو ستراتیژی خەلکی کوردستان" لە قەلەم دەدرێو هەمیشەش سیاسەتو کارکردی ئەحزابی سیاسی ئازادیخواز بۆ بەرگری لە ئازادیو مافەکانی خەلكو ئەمنیەتی کۆمەلگاو پێشکەوتنخوازیو ئایندەیەکی درەخشانو وەستانەوە دژی سیاسەتو کارکردی دژ بە خەلکی ئەحزابی حاکم، بە ناکۆك لەگەل ئەو دەستەواژانە لێکدەدرێتەوەو بەم جۆرەش حوکمی سەرکوتیان دەردەکرێت. هەموو هونەری ئەو دەستەواژە فریوکارانانە لەمەدایە.

بەلام خەلکی کوردستانو هیزە سیاسیەکان دەبیٚ بەم سیاسەتو بڕیارەی پارتی ڕاچلەکێن، ئەمە زەنگی خەتەرە کە لیٚدەدریٚ، ئەو ئستبدادەی بە ڕاپەرین لە دەرگاوە دەرکراو رامالرا، دەیەویٚ لە پەنجەرەوە بگەرێتەوە. ئەگەر ئەو قانونو قەیدوبەندانە داسەپێنرێت ئیتر تروسکاییو نوزەیەك لە ئازادی شوێنەواری نامێنیٚ. جێگای خۆیەتی سەرنجێك لە قانونەکانی بەعس بدریٚو قەیدوبەندەکانی لەگەل ئەمانەدا بەراورد بکریٚ تا ئەم مەترسیە ببینرێت. ئەم هەنگاوە دەبیٚ ناکام بکرێتەوەو خەلكو هێزە سیاسەکان بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی بیٚقەیدو شەرت لە مەیدان ڕاوەستن.

١٣-٥-٢٠٠٢

© Kurdistan Net